www.kurdistannet.org 2-9-2003

پێشەکیەک بۆ وەرگێڕانی کوردی:

Convention on the Elemination of All forms of Discrimination against Women(CEDAW)

## پەیماننامەی لەناوبردنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێک دژبە ژنان

کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 107 ەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی 18/12/1979دا بە پەسندکردنی ئەم پەیماننامەیە هەنگاوێکی گرینگی هەڵێنا بەرەو وەدیهێنانی مافی یەکسان بۆ ژنانو پیاوان و هەروەها بۆ بەگژاچوونی هەموو چەشنە ستەمێک لەدژی ژنان. ئەم پەیماننامەیە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگی دەگرێتەوەو زۆر بەوردی چووەتە ناو هەموو کەلێنو قوژبنی کۆمەڵگاوەو دەستی خستووەتە سەر ئەو شوێنانەی وا پەیوەستن بە مافی ژنانەوە؛ یان باشترە بگوترێت ئەو شوێنانەی وا بێمافی ژنانی تێدا شاردراوەتەوە.

لەنیگای ئەم پەیماننامەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دیاردە نگریسانەی کە دونیای ئەورۆ لەگەڵیان دەستەویەخەیە کاردانەوەیان بەپلەی یەکەم لەسەر ژنانە. شەڕ، کوشتار، هەژاری، نەخوێندەواری، دواکەۆتوویی، ئاوارەییو بێخانەولانەیی، لەشفرۆشیو کاری تاقەتپرووکێنی منداڵان، نەخۆشینەکوشندەکان و لەوانە ئەیدز، مردنو ێیلفلیجبوونی منداڵانی ساواو تەنانەت پەککەوتەییو بێدەرەتانی پیاوانیش قورساییەکەی لەسەرشانی ژنانە.

بەڵام کەم نین ئەو بڕیارنامە، بەڵگەنامە، ڕێککەوتننامەو هتد کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانو یان ناوەندە نێونەتەوەییو جیهانیەکانی دیکەوە دەرچوون و لێواولێون لە وشەی بریقەدارو مزگێنیدەرو ئاسۆی گەشو ڕووناک بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی دەستنیشاندەکەن! ئەی کوا ئەۆ بەهەشتەو ئەی بۆچی ئەم هەموو دەردو مەینەتیو هەژاریو ماڵوێرانیە؟

دانانی یاسا، پەیماننامە و لەم چەشنە بڕیارانە هەنگاوی یەکەمە. گرینگترین هەنگاو ڕێگا خۆشکردنە بۆ جێبەجێبوون و بەکردەوە بەڕێوەبردنیان. هەربۆیە زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت بزانین ڕەنگدانەوەی ئەم پەیماننامە لە وڵاتانی جۆراوجۆر و بەتایبەت لەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین چۆن بووە. ئەمەش پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی تایبەتیە کە لەم سەرەتایەدا ناگونجێت. وڵاتانی سوئێدو کووبا لە مانگی 3 ی ساڵی 1980دا یەکەمین و بەحرەین لە مانگی 6ی 2002دا دوایین دەوڵەتە کە بەم پەیماننامەوە پەیوەست بوون.

ئەم وەرگێڕانە لە دەقە ئینگلیزیەکەیەوە کراوە بەکوردی و لەگەڵ دەقی فەرانسە، سوئێدی و دوو وەرگێڕانی فارسیدا بەراورد کراوە. کاتێک کە خەریکی ئەم وەرگێڕانەبووم، گۆڤاری «ژنان» ژمارە ٢ی زستانی1381( 2002 )م بینی کە دەقی پەیماننامەکەی بەکوردی تێدابوو. وەرگێڕانەکە لە دەقی فارسیەکەیەوە کراوە بەکوردیو سەرەڕای خۆماندووکردنی زۆر بەداخەوە کەموکووڕی زۆری تێدایە چ لەناوەرۆکداو چ لەباری زمانەوانیەوە. هەڵبەت خودی سەرچاوە فارسیەکەش بەبەراورد لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەی بێهەڵە نیە. سپاس بۆ بەڕێز مەهاباد قەرەداغی کە بەسەر وەرگێڕانەکەدا چووەوەو سەرنجو پێشنیار و تێبینی بەنرخی هەبوو.

ئەحمەد ئەسکەندەری **پاییزی** 2002

www.kurdistannet.org 2-9-2003

## Convention on the Elemination of All forms of Discrimination against Women (CEDAW)

# بەیماننامەی لەناوبردنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێك دژبە ژنان

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە،

بەسەرنجدان لەوەی کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکەش جەخت لەسەر باوەڕی خۆی بە مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤ، بە کەرامەت وبایەخی هەر ئینسانێکی تاکەکەس، بەمافی یەکسان بۆ پیاوان و ژنان دەکات،

بەسەرنجدان لەوەی کە *جارنامەی مافی مرۆڤ* جەخت لەسەر سەرەتای ناڕەوابوونی هەڵاواردن دەکاتو ڕادەگەیەنێت کە هەموو مرۆڤێک بەکەڕامەت و مافی یەکسانەوەو بە ئازادی لەدایکدەبێت و هەموو کەسێک بۆی هەیە لە هەموو مافەکانو ئازادیەکانی کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە، بەبێ هیچ جیاوازیەکو لەوانەش جیاوازبوون لەسەر بناغەی جنس بەهرەمەندبێت،

بەسەرنجدان لەوەی کە وڵاتانی گرێدراو بە بڕیارنامەکانی مافی مرۆڤ ئەرکی سەرشانیانە کە مافی یەکسان بۆ ژنانو پیاوان دابین بکەن بۆئەوەی لە هەموو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی، مەدەنیو سیاسیەکان بەهرەمەندبن،

بەڕەچاوکردنی ئەوپەیماننامە نێونەتەوەییانەی کە لەژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکانو ناوەندە پسپۆڕەکانیدا بۆ پێشخستنی یەکسانی ماف لەنێوان ژنانو پیاوان گەڵاڵەکراوە،

هەروەها بەسەرنجدانی بڕیارنامەکان، بانگەوازەکان و ڕاسپێری پەسندکراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانو ناوەندە پسپۆڕەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانی مافی پیاوانو ژنان،

نیگەران لەوەی کە سەرەڕای ئەم بەڵگەنامە جۆراوجۆرانە هەڵاواردنی بەربڵاو دژبەژنان هێشتاش هەر بەردەوامە،

بەوەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە هەڵاواردن دژبە ژنان پێشێلکردنی سەرەتاکانی یەکسانی مافو ڕێزگرتن لە کەرامەتی ئینسانە، کۆسپێکە لەسەر ڕێگای بەشداریکردنی ژنان شانبەشانی پیاوان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگیدا لە وڵاتەکەیان، ڕێگادەگرێت لە گەشەکردنی بەختیاری کۆمەڵگاو بنەماڵەو هەروەها ئاستەنگ دەخاتەسەر ڕێگای ژنان کە بەهۆی ئەوانەوە ناتوانن پڕاوپڕ و بەهەموو تواناییەکانیانەوە لە خزمەتی وڵاتەکەیانو مرۆڤایەتیدابن،

بەنیگەرانی لەوەی کە لەکاتی هەژاریدا ئەوە ژنە کە بەکەمترین ڕادە دەستی دەگات بە بژیوی، تەندروستی، خوێندنوفێربوون، خۆئامادەکردنو دەرفەت بۆکارکردنو هەروەها پێداویستی دیکە،

بەهاتنەسەر ئەوباوەڕەی کە دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ئابووری نێونەتەوەیی لەسەر بناغەی یەکسانی و دادپەروەری بە شێوەیەکی زۆربەرچاو یارمەتی

بەرەوپێشچوونی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان دەدات،
بەسووربوون لەسەر ئەوەی کە خاشەبڕکردنی ئاپارتاید، هەموو شێوەکانی ڕەگەزپەرستی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، کۆلۆنیالیسم، کۆلۆنیالیسمی‌نوێ، دەستدرێژی، داگیرکردن لەلایەن بێگانەوە و خۆزاڵکردنو دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتاندا بۆ دابینکردنی پڕاوپڕی مافەکانی پیاوانو ژنان ئێجگار پێویستە،
بەداکۆکیکردن لەوەی کە پتەوکردنی ئاسایش و ئاشتی نێونەتەوەیی، خاوکردنەوەی بارگرژیە نێونەتەوەییەکان، چەکداماڵینی گشتیو یەکجارەکی، بەتایبەت چەکداماڵینی ئەتۆمی لەژێر چاوەدێری توندوتۆڵو کارامەی نێونەتەوەیی، داکۆکی لەسەرەتاکانی دادپەروەری، بەرابەریو بەرژەوەندی دوولایەنە لەپەیوەندی نێوان وڵاتانداو دابینکردنی مافی چارەی خۆنووسینو سەربەخۆیی گەلانی ژێردەسەڵاتی کۆلۆنیالی و داگیرکەرانی بێگانە، هەروەها ڕێزگرتن لە دەسەڵاتدارەتی میللیو تەواوەتی خاک، پاڵپێوەنەری گەشەی کۆمەڵایەتیو ئاوەدانیو لەئاکامدا یاریدەدەری بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاوانو ژنانە بەتەواوی،
بەهاتنەسەر ئەوباوەڕەی کە ئاوەدانبوونەوەی تەواو و پڕاوپڕی هەر وڵاتێک، خۆشبژیەتی جیهانو ئامانجی ئاشتی پێویستی بە زۆرترین بەشداری ژنانە لەهەلومەرجی یەکساندا لەگەڵ پیاوانو لەهەموو بوارەکاندا،
بەوەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە ژنان بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر یاریدەدەری خۆشبژیەتی بنەماڵەو گەشەکردنی کۆمەڵن، هەرچەند بەتەواویش بەڕەسمی نەناسراوە، گرینگبوونی کۆمەڵایەتی دایکایەتیو دەوری دایکو باوک لەبنەماڵەو لەبەخێوکردنی منالاندا،
هەروەها بەئاگاداری لەوەی کە دەوری ژنان لەمنداڵبووندا نابێ بکرێتە بناغەیەک بۆ هەڵاواردن بەڵکوو ئەوەی کە بەخێوکردنی منداڵ پێویستی بەدابەشکردنی بەرپرسیارێتی‌یە لەنێوان پیاوان، ژنانو کۆمەڵگادا بەگشتی،
بەهۆشیاربوون لەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە ڕۆڵی نەریتی پیاوانو هەروەها ڕۆڵی ژنان لەکۆمەڵگاو لەبنەماڵەدا بۆگەیشتن بە یەکسانی تەواوی ژنانو پیاوان پێویستە،
شێلگیر لەبەرێوەچوونی ئەو سەرەتایانەی لە « **بەیماننامەی لەناوبردنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێک دژبە ژنان**»دا گونجێندراوەو هەر بەومەبەستەو بۆ پەسندکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بۆنەهێشتنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێکو بەهەر شێوەیەک هەڵبگیرێن،
دەوڵەتانی ئەندام لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتوون:

# بەشی یەکەم

## برگەی 1

مەبەستی ئەم پەیماننامەیەی ئێستا لە دەستەواژەی «هەڵاواردن دژبە ژنان» بەمانای هەر چەشنە جیاوازیدانان، دەرهاویشتن یان دانانی سنوورە لەسەر بناغەی جنس کە

www.kurdistannet.org 2-9-2003

ئاکامەکەی و یان مەبەستەکەی لاوازکردن یان پووچەڵکردنەوەی جەختکردن، بەهرەمەندبوون یان ئەنجامدانیەتی لەلایەن ژنانەوە ـ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هاوسەرداره یان نە، لەسەر بناغەی یەکسانی ژنوپیاو، مافی مرۆڤو ئازادیە بنەڕەتیەکان لەبواری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، مەدەنی و یان هەر بوارێکی دیکەدا،

## بڕگەی 2

دەوڵەتانی ئەندام هەموو چەشنە هەڵاواردنێک دژبە ژنان لەهەر شێوەیەک بێ، مەحکووم دەکەن و یەکدەنگ بەهەموو شێوەیەکی گونجاو و بەبێ وەدواخستن سیاسەتێک پەیڕەو دەکەن بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژبەژنانو بۆ ئەم ئامانجە بەئەرکی خۆیانی دادەنێن کە:

ئا ـ سەرەتای یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە دەستووری وڵاتدا یان لە یاساکانی دیکەدا بەپێی پێویست، ئەگەر هەتا ئێستا نەکرابێت، بگونجێنن بۆئەوەی لەڕێگای یاساو بەهەر شێوەیەکی دیکە دڵنیایی بدرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سەرەتایە بەکردەوە؛

ب ـ پەسندکردنی یاسای پێویست و هەنگاوەکانی دیکە و لەوانە ئەگەر پێویستبێت سزادانو قەدەغەکردنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێک دژ بەژنان؛

پ ـ دامەزراندنی پارێزگاری یاسایی لە مافەکانی ژنان لەسەر بناغەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا و دڵنیاکردن بۆ پاراستنی کاریگەرانەی ژنان دژبە هەرچەشنە کردەوەیەکی هەڵاواردنئامێز بەهۆی دادگای لێهاتووی سەرانسەری وڵاتو دامودەزگا گشتیەکانی دیکەوە؛

ت ـ خۆپاراستن لە هەر چەشنە ڕەفتارێک یان هەنگاوی هەڵاواردنئامێز دژبە ژنان و دڵنیاکردن لەوەی کە دەسەڵاتو دامەزراوە دەوڵەتیەکان شانبەشانی ئەم ئەرکانە دەچنە پێشەوە؛

ج ـ هەڵگرتنی هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژبە ژنان لەلایەن هەر تاکەکەس، ڕێکخراوە و یان کۆمپانیایەکەوە بێ؛

چ ـ هەڵگرتنی هەموو هەنگاوێکی پێویست و لەوانە دانانی یاسا بۆ گۆڕین یان نەهێشتنی ئەو یاساو بڕیارو دابونەریتانەو یان ئەو کردەوانەی کە هەڵاواردنی دژبە ژنانیان تێدایە؛

ح ـ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێکی سزادان لە وڵاتدا کە هەڵاواردنی دژبە ژنانیان تێدایە،

## بڕگەی 3

وڵاتانی ئەندام دەبێ لەهەموو بوارەکان، بەتایبەت بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگیەکاندا هەنگاوی گونجاو، لەوانە هەنگاوی یاسادانەرانە هەڵگرن بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی تەواو و پێشکەوتنی ژنان بەمەبەستی مسۆگەرکردنی

www.kurdistannet.org 2-9-2003

بەکارهێنانو بەهرەمەندبوونیان لە مافەکانی مرۆڤو ئازادیە بنەڕەتیەکان لەسەر بناغەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاوان،

### بڕگەی 4

1- هێنانەکایەی چارەسەری کاتیو تایبەتی لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بۆ بەکردەوە خێراکردنی یەکسانی نێوان پیاوانو ژنان بە بەراورد لەگەڵ ئەم پەیماننامەیە، نابێ وەکوو هەڵاواردنێک بکەوێتەبەرچاو. هەروەها ناشبێت بەهیچ چەشنێک ئەنجامەکەی ئەوەبێت کە لەگەڵ خۆیدا هێشتنەوەی شێوەی جیاوازو نابەرابەر بەدیبێنێت؛ ئەم هەنگاوانە هەرکە ئامانجی یەکسانی دەرفەتو ڕەفتار بەدیهات دەبێ هەڵبوەشێندرێنەوە،
2- هێنانەکایەی چارەسەری تایبەتی لەدووتوێی ئەو هەنگاوانەی لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە لەم پەیماننامەیەدا هاتوون و ئامانجیان بەرگریکردنە لە دایکایەتی، نابێ بە هەنگاو بۆ هەڵاواردن دابنرێن،

### بڕگەی 5

وڵاتانی ئەندام دەبێ هەموو هەنگاوێکی گونجاو هەڵگرن بۆ:
ئا ـ گۆڕینی ئاکارە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکانی پیاوانو ژنان لە پێناوی نەهێشتنی پێشداوەری و دابونەریتو هەموو ئەو ئاکارانەی کە لەسەر بناغەی نزمتێڕوانینو یان بە بەرزتێڕوانینی یەکێک لە جنسەکانەو یان بەنموونەییکردنی ڕۆڵی ژنانو پیاوان دامەزراون؛
ب ـ دڵنیابوون لەوەی کە پەروەردەی بنەماڵە تێگەیشتنێکی باشتر لە دایکایەتی دەگرێتەوە کەدەبێتە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتیو ناسینی بەرپرسایێتی هاوبەشی پیاوانو ژنان لە بەخێوکردنو گەشەکردنی منداڵەکانیان. ئەمەش ئەو تێگەیشتنە دێنێت کە بەرژەوەندی منداڵان لە هەموو بوارێکدا لەسەررووی هەموو شتەیەکەوە دەبێت؛

### بڕگەی 6

وڵاتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی شیاو، لەدووتوێی یاسادانان هەڵدەگرن بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەکانی کڕینو فرۆشتنی ژنان و هەروەها کەڵکی ئاوەژووەرگرتن4 لە لەشفرۆشی ژنان،

## بەشی دووەم

### بڕگەی 7

وڵاتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی شیاو بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن لەدژی ژنان لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان هەڵدەگرنو بەتایبەت ژنان دڵنیادەکەن لەوەی کە لەگەڵ پیاواندا مافی یەکسانیان ئەبێت لە:
ئا ـ دەنگدان لەهەموو هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسیە گشتیەکانداو هەروەها مافی خۆپاڵاوتنیان دەبێت لە هەموو ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکاندا؛

www.kurdistannet.org 2-9-2003

ب ـ بەشداریکردن لە گەڵاڵەکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتداو هەروەها لە جێبەجێکردنیاندا، هەروەها بەدەستەوەگرتنی کاروباری دەوڵەتیو ئەنجامدانی هەموو ئەرکێکی دەوڵەتی لە هەموو ئاستێکدا؛

پ ـ بەشداریکردن لە ڕێکخراوە نامیریەکان و ئەو کۆمەڵانەی بە خەمی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتەکەوەن؛

### برگەی 8

وڵاتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی شیاو هەڵدەگرن بۆ دڵنیاکردنی ژنان لەوەی کە بەمافی یەکسان لەگەڵ پیاوانو بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک دەرفەتیان ئەدرێتێ بۆ نوێنەرایەتیکردنی حکوومەتەکەی خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەییداو بۆ بەشداریکردن لە کاروباری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا،

### برگەی 9

1- وڵاتانی ئەندام دەبێ مافی یەکسان وەکوو پیاوان بدەن بەژنان بۆ وەدەستهێنان، گۆڕینو یان هێشتنەوەی شارۆمەندێتی خۆیان. بە تایبەت ئەبێ دڵنیابکرێن کە نەهاوسەرێتی لەگەڵ بێگانەیەکو نە گۆڕینی شارۆمەندێتی لەلایەن مێردەوە لەکاتی هاوسەرێتیدا نابێ شارۆمەندێتی ژنەکە بگۆڕێت، بیکا بەکەسێکی بێدەوڵەت و یان بەزۆر شارۆمەندێتی مێردەکەی بەسەردا بسەپێنێت.

2- وڵاتانی ئەندام دەبێ بە ڕەچاوکردنی شارۆمەندێتی منداڵەکانیان، مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بۆژنان دەستەبەر بکەن.

## بەشی سێهەم

### برگەی 10

وڵاتانی ئەندام دەبێ هەموو هەنگاوێکی شیاو بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن لەدژی ژنان هەڵگرن بۆئەوەی دڵنیایان بکەن کە مافی یەکسانی وەکپیاوانیان دەدرێتێ لەبواری پەروەردەداو بەتایبەت بۆ دڵنیاییدان بەوان لەسەر بناغەی یەکسانی پیاوانو ژنان لە:

ئا ـ هەلومەرجی وەکیەک بۆفێربوون لەبواری پسپۆڕێتیدا کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ پەیداکردنی کار، دەستڕاگەیشتن بە فێربوونو وەرگرتنی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی پەروەردە لەهەموو ئاستێک چلە شارو چلەگوندەکان؛ ئەم یەکسانیە دەبێت لەفێرکردنی پێشقوتابخانە، خوێندنی گشتی، تێکنیکی، پسپۆڕێتیو پەروەردەی پیشەسازی باڵاو هەروەها لە هەموو جۆرەکانی فێرکردنی پسپۆڕانە دەستەبەر بکرێت،

ب ـ دەستڕاگەیشتن بەهەمان خولی فێرکردنو خوێندن، هەمان تاقیکردنەوەو دە ستەی مامۆستایان بەهەمان ئاستی لێوەشاوەییەوە و جێوشوێنی خوێندنگای وەکیەک بەکەرەستەو پێداویستی چوونیەک لەباری چۆنایەتیەوە،

پ ـ بنبڕکردنی هەرچەشنە چەمکێکی نموونەیی سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان و پیاوان لەهەموو ئاستێکداو لەهەموو شێوەکانی فێرکردن لەڕێگای هاندان بۆ فێربوونی

شانبەشان و هەروەها جۆرەکانی دیکەی فێرکردن کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بەم مەبەستەو بەتایبەت بە چاوخشاندنەوە بەسەر دەقی کتێبەکانو بەرنامەی خوێندنگەکانو هەروەها بەگونجاندنی شێوازەکانی وانەگوتنەوە (دەرسدان)،

ت ـ هەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەرماڵەی خوێندکارانو هەروەها کۆمەکی دیکەی خوێندن،

ج ـ هەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی درێژەدان بەخوێندن، لەوانە بەرنامەی خوێندەوارکردنی گەورە ساڵانو بەتایبەت ئەودەرفەتانەی ئامانجیان کەمکردنەوەی هەرچەشنە کەلێنێکە وا لەنێوان ژنانو پیاواندا بەدیدەکرێت، بەزووترین کاتی گونجاو،

چ ـ کەمکردنەوەی ڕادەی دەستهەڵگرتنی کچانی خوێندکار لەخوێندن و دارشتنی بەرنامە بۆ ئەو کچو ژنانەی کە پێشوەخت خوێندنگەیان بەجێهێشتووە،

ح ـ دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداری چالاکانە لە وەرزشو ڕاهێنانی جەستەیی،

خ ـ دەستڕاگەیشتن بەزانیاری لەسەر ڕاهێنانی تایبەت بۆ یارمەتیدان و دڵنیاکردن لەتەندروستیو خۆشبژیەتی بنەماڵەکانو لەوانە زانیاریو ئامۆژگاری سەبارەت بە پلاندارشتن بۆ منداڵبوون،

## بڕگەی 11

1- وڵاتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی شیاو بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن لە دژی ژنان لەبواری دابینکردنی کار هەڵدەگرن بۆ دڵنیاکردن لە هاومافی لەسەر بناغەی یەکسانی پیاوانو ژنانو بەتایبەت:

ئا ـ مافی کارکردن وەکوو مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەموو مرۆڤێک؛

ب ـ مافی بەهرەمەندبوون لە دەرفەتی وەکیەک لە بازاری کاردا، لەوانە بەکارهێنانی پێوانەی یەکسان لەهەڵبژاردندا بۆ دەستبەکاربوون،

پ ـ مافی هەڵبژاردنی سەربەست بۆ هەرچەشنە کارو فرمانێک، مافی گەشەکردن، هێمنایەتی لەسەرکارو هەموو چەشنە دەرماڵەو هەلومەرجی خزمەتگوزاریو مافی بەشداریکردن لە خولی فێرکردنی پیشەییو دیسانەوە فێرکردنەوە و لەوانە فێربوونی کارو ڕاهێنانی پێشکەوتووی کارو فێرکردنی ناوبەناو و بەدوای یەکدا،

ت ـ مافی وەرگرتنی پارەی یەکسان لەوانە دەرماڵە، ڕەفتاری یەکسان بە ڕەچاوکردنی ئەوکارانەی کە هاوسەنگن و هەروەها ڕەفتاری یەکسان لەکاتی هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی کارەکە،

ج ـ مافی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەکاتی خانەنشینی، بێکاربوون، نەخۆشی، کەمتوانایی و پیریو جۆرەکانی دیکەی ناکارامەیی لەکارداو هەروەها مافی پشوو بەمووچە وەرگرتنەوە،

چ ـ مافی پارێزگاری تەندروستیو هێمنایەتی لەهەلومەرجی کارکردندا و لەوانە پاراستنی فرمانی ئاسایی منداڵبوون،

2- بەمەبەستی پێشگرتن لە هەڵاواردنی دژبە ژنان لەسەر بناغەی هاوسەرێتی یان منداڵبوونو بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر مافی ئەوان بۆکارکردن دەستەبەر بکرێت، وڵاتانی ئەندام دەبێ هەنگاوی شیاو هەڵگرن بۆ:

ئا ـ قەدەغەکردنو دانانی سزای یاسایی بۆ لەکاردەرکردنی ژنان بەهۆی دووگیانیو یان پشوو وەرگرتن بۆ منداڵبوونو یان هەڵاواردن و دەرکردن لەسەر بناغەی هاوسەرێتی،

ب ـ دابینکردنی مۆڵەت لەکاتی منداڵبووندا بەمووچەوە یان بە دەرماڵەی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ لەگەڵ ئەوەو بەبێ لەکیسچوونی کارەکەی پێشوویانو پلەی پێشکەوتن لەکارەکەو دەرماڵە کۆمەڵایەتیەکانی،

پ ـ هاندان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ پشتگیریو باربەدانی دایکوباوک بەمەبەستی تێکەڵکردنی ئەرکە بنەماڵەییەکانیان لەگەڵ بەرپرسیارێتی لەسەر کارو بەشداری لە ژیانی گشتیدا. بەتایبەت لەرێگای هەوڵدان بۆ پێکهێنانو گەشەپێدانی تۆرێک بۆ دامودەزگاکانی چاوەدێری منداڵان،

د ـ دابینکردنی پاراستنی تایبەتی بۆژنان لەکاتی دووگیانیدا لەسەر ئەوکارانەی وا دەرکەوتووە کە زیانبەخشن،

3- یاسای پارێزەر سەبارەت بەو بابەتانەی لەم برگەیەدا هاتوون دەبێ ناوبەناو و لەبەر تیشکی زانیاری تەکنیکیو زانستیانەدا پێداچوونەوەیان لەسەر بکرێتو بەگوێرەی پێویست هەڵبوەشێندرێنەوە و یان پەرەیانپێبدرێت،

## برگەی 12

1- وڵاتانی ئەندام دەبێ هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرن بۆ بنبرکردنی هەڵاواردن دژبە ژنان لەبواری تەندروستیو چاوەدێریدا. ئەمەش بەو مەبەستەی دڵنیابن کە لەسەر بناغەی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان دەستیان ڕابگات بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و چاوەدێریو لەوانە ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەستن بە پلاندارشتنی منداڵبوونەوە،

2- بەبێ پێشگرتن لە ئەرکەکانی بەشی یەکەمی ئەم برگەیە وڵاتانی ئەندام دەبێ خزمەتگوزاری شایستە لەکاتی دووگیانی، منداڵبوونو ماوەی پاش منداڵبوونیشدا بۆ ژنان دەستەبەربکەنو بەپێی پێویست خزمەتکاری بەخۆڕاییو هەروەها خواردەمەنیش لەکاتی دووگیانیو شیرداندا بۆیان دابینبکەن،

## برگەی 13

وڵاتانی ئەندام دەبێ هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵبگرن بۆ بنبرکردنی هەڵاواردن دژبە ژنان لەبوارەکانی دیکەی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بەمەبەستی دابینکردنی مافی وەکبەک لەسەر بناغەی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان بەتایبەتی:

ئا ـ مافی وەرگرتنی دەرماڵەیٚ خێزان،
ب ـ مافی وەرگرتنی وام لەبانک، بارمتەدانانو شێوەکانی دیکەی متمانەی دارایی،
پ ـ مافی بەشداریکردن لە چالاکی بۆ شادڕاگرتنی لەش، وەرزشو هەموو لایەنەکانی ژیانی فەرهەنگی،

## بڕگەی 14

1- وڵاتانی ئەندام دەبیٚ ئەو گیروگرفتە تایبەتیانە بدەنەبەر سەرنج کە ژنانی لادیٚ لەگەڵی بەرەوڕوونو ئەو دەورە گرینگەی ئەم ژنانە دەیگێڕن لەدرێژەپێدان بە ژیانی ئابووری بنەماڵەو لەدووتوێی کاری بیٚقەرەبوودا دەبیٚ هەموو هەنگاوێکی شیاو هەڵبگیرێت بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە بۆ ژنانی لادیٚ،
2- وڵاتانی ئەندام دەبیٚ هەموو هەنگاوێکی شیاو هەڵگرن بۆ بنبڕکردنی هەلاواردن لەدژی ژنانی لادیٚ بەو مەبەستەی دڵنیابن کە لەسەر بناغەی یەکسانی نێوان پیاوانو ژنان، بەشداری دەکەنو کەڵک لە گەشەکردنی لادێکان وەردەگرن بەتایبەت دەبیٚ دڵنیابن لەوەی کەئەم ژنانە مافی ئەوەیان هەیە کە:
ئا ـ بەشداریبکەن لەداڕشتنو جێبەجێکردنی گەلاڵەی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ئاستێکدا،
ب ـ دەستیان ڕابگات بەدامودەزگاکانی سەرپەرشتی تەندروستی بە تێروتەسەلی و لەوانە زانیاری، ڕاوێژگاریو خزمەتگوزاری لە پلانداڕشتنی منداڵبووندا،
پ ـ ڕاستەوخۆ کەڵکوەربگرن لە بەرنامەکانی دابینکردنی کۆمەلایەتی،
ت ـ بەدەستهێنانی هەموو چەشنە فێرکاریو پەروەردە، ڕەسمی یان ناڕەسمیو لەوانە ئەوبەشەی پەیوەستە بەفێرکردنی خوێندنو نووسینو هەروەها سوود وەرگرتن لە هەموو خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگاو هەڵسووڕانی ڕاوێژکارانە بەمەبەستی زیادکردنی شایستەیی تەکنیکی خۆیان،
ج ـ ڕێکخستنی دەستەو تاقمی خۆیارمەتیدەر و کۆڕە هەرەوەزیەکان بەمەبەستی دەستڕاگەیشتنی یەکسان بەسەرچاوە ئابووریەکان لەڕێگای دامەزران لەسەر کار، یان خۆدامەزراندنەوە،
چ ـ بەشداریکردن لە هەموو چالاکیەکانی کۆمەڵگادا،
ح ـ سوود وەرگرتن لە وامو متمانەی دارایی کشتوکاڵی، ئاسانکاریەکانی بازاڕپەیداکردن، تەکنۆلۆژی لەبارو هەروەها ڕەفتاری یەکسان، چاکسازی زەویوزار و دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵو هەروەها لە گەلالەکانی کێڵاندنی سەرلەنوێی زەوی،
خ ـ بەهرەمەندبوونی تێروتەسەل لە مەرجەکانی ژیان، بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەستە بە خانووبەرە، پاکووخاوێنی، ئاوو کارەبا، هاتوچوو و پەیوەندیەکان،

# بەشی چوارەم

## بڕگەی 15

1- دەوڵەتانی ئەندام دەبێ ژنان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان لەگەڵ پیاوان دابنێن،
2- دەوڵەتانی ئەندام دەبێ لەبابەتە مەدەنیەکاندا هاوتا لەگەڵ پیاوان تواناکاریە یاساییەکان بۆژنان دابینبکەن و هەمان هەلومەرجیان بۆ بخولقێنن بۆ ئەوەی بتوانن کەڵک لەو تواناکاریانە وەربگرن. بەتایبەت دەبێ مافی یەکسان بەژنان بدرێت بۆ بەستنی رێکەوتننامە و بۆ بەڕێوەبردنی ماڵوسامان و هەروەها دەبێ لەگەڵ ژنان لە هەموو قۆناخەکانو کاروباری دادگاکانو مەحکەمەکاندا بە شێوەیەکی یەکسان رەفتاربکرێت،
3- دەوڵەتانی ئەندام دەیسەلمێنن کە هەموو رێکەوتننامەکانو هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی تایبەت بە تاکەکەس لەهەر چەشنێک کە لایەنی یاساییان هەیەو بۆ سنووردارکردنی توانایی یاساییەکانی ژنان ئاراستەکراون، دەبێ بەتەواوی هەڵبوەشێندرێنەوە،
4- دەوڵەتانی ئەندام دەبێ مافی یەکسان بدەن بەپیاوانو ژنان لەو بوارە یاساییانەدا کە دەگەڕێنەوە سەر هاتوچووی کەسەکانو ئازادی هەڵبژاردنی خانوو و شوێنی ژیان،

## بڕگەی 16

1- دەوڵەتانی ئەندام دەبێ هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرن بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن لەدژی ژنان لەهەموو بابەتێکدا کە پەیوەندی بە هاوسەرێتیو بنەماڵەوە هەیە، بەتایبەت دەبێ لەسەر بناغەی یەکسانی نێوان پیاوانو ژنان دڵنیابکرێن لە:

ئا ـ مافی وەکیەک بۆ پێکەوەنانی ئازادانەی ژیانی هاوسەرێتی،
ب ـ مافی وەکیەک بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر و مافی ئەوەی تەنیا لەسەر خواستی ئازادانەو تەواوی خۆیان بچنەناو ژیانی هاوسەرێتیەوە،
پ ـ مافو ئەرکەکانی وەکیەک لەکاتی ژیانی هاوسەرێتیو هەروەها لەکاتی هەڵوەشاندنەوەیدا،
ت ـ مافو ئەرکەکانی وەکیەک بۆ دایکوباوک بەبێ رەچاوکردنی ئاستی پەیوەندی هاوسەرێتی لەو بابەتانەدا کە دەگەڕێتەوە سەر منداڵەکانیان، لەهەموو کاتێکدا دەبێ بەرژەوەندی منداڵان لەسەرەوەی هەموو شتێکەوەبێت.
ج ـ مافی وەکیەک بۆ بریاردانی ئازادانەو بەرپرسانە لەسەر ژمارەی منداڵو ماوەی نێوان لەدایکبوونیانو دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، پەروەردەو ئامرازی پێویست بۆ ئەوەی بتوانن ئەم مافانەی خۆیان جێبەجێبکەن،
چ ـ مافو ئەرکەکانی وەکیەک سەبارەت بە بەخێوکردن، سەرپەرشتیکردنو چاوەدێری منداڵانو منداڵی بەخۆوەگیراو و یان شتیدیکەی لەم چەشنە ئەگەر بێتوو ئەم چەمکانە

هەبێتو یاسای وڵات بیانگرێتەوە، لەهەموو کاتێکدا دەبێ بەرژەوەندی منداڵان لەسەرەوەی هەموو شتێکەوەبێت.
ح ـ مافی تاکەکەسی وەکیەک بۆ ژنومێردو لەوانە مافی هەڵبژاردنی ناوی بنەماڵە، کارو پیشە،
خ ـ مافی یەکسان بۆ هەردووک هاوسەر سەبارەت بە خاوەنداریتی، وەدەستهێنان، بەڕێوەبردن، ڕاپەڕاندن، لەبەردەستدابوونو کەڵکوەرگرتن لە ملکوسامان چ بەخۆڕایی بێت و یان پارەی تێبچێت،
2- دەستنیشانکردنو مارەکردنی منداڵ نابێ هیچ چەشنە کاریگەرێتی یاسایی هەبێ و هەموو کارێکی پێویستو لەوانە هەنگاوی یاسایی دەبێ بۆدیاریکردنی لانی کەمی تەمەنی هاوسەرێتیو ئەوەی کە هاوسەرێتی دەبێ لەتۆمارگەیەکی رەسمیدا تۆماربکرێت، هەلبگیرێت،

# بەشی پێنجەم

## بڕگەی 17

1- بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوتی جێبەجێکردنو چوونەپێشی ئەم پەیماننامەیە دەبێ کۆمیتەی بنبڕکردنی هەڵاواردن دژبەژنان (کە لەمەودوا بە کۆمیتە ناودەبرێت) پێکبێت. کۆمیتە لەکاتی وەگەڕکەوتنی ئەم پەیماننامەیەدا بریتیدەبێت لە 18 شارەزاو پاش پەسەندکرانو یان پەیوەستبوونی وڵاتی سیوپێنجەم، دەبنە 23 شارەزا کە لەباری ڕەفتارەوە خۆشناونو خاوەنی لێهاتوویی زۆرن لەبوارەکانی ئەم پەیماننامەیەدا. شارەزاکان لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە لەنێو خەڵکی وڵاتدا هەڵدەبژێردرێنو بەپێی توانایی تاکەکەسی خۆیان خزمەتدەکەن. لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە ڕەچاودەکرێت کە لەباری جوگرافیەوە دادوەرانە دابەشکرابێتو لەباری شێوە جیاوازەکانی شارستانیەتو هەروەها سیستەمە یاسایە سەرەکیەکانەوە نوێنەرایەتیبکرێن،
2- ئەندامانی کۆمیتە بەشێوەی دەنگدانی نهێنی لە لیستی ئەو کەسانەی کەلەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە دەستنیشانکراون، هەڵدەبژێردرێن،
3- یەکەمین هەڵبژاردن شەشمانگ پاش وەگەڕکەوتنی ئەم پەیماننامەیە ڕێکدەخرێت. لانیکەم سێمانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نامەیەک ئاراستەی وڵاتانی بەشداردەکاتو داوایان لێدەکات لەماوەی دوو مانگدا پاڵێوراوانی خۆیان بناسێنن،
4- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە لە یەکەمین کۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئەندامدا بە بانگهێشتنی سکرتێری گشتی لە ناوەندی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوەدەچێت. لەو کۆبوونەوەدا کەلانیکەم دەبێ دوو لەسێی ئەندامان بەشدارییان تێداکردبێت، ئەوکەسانە لەناو پاڵێوراواندا هەڵدەبژێردرێن کە زۆرترین دەنگیان هێنابێتو هەرەها زۆربەی ڕەهای نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندام لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان پێبدەن،

www.kurdistannet.org 2-9-2003


5- ئەندامانی کۆمیتە بۆماوەی چوارساڵ هەڵدەبژێردرێن، بەڵام خولی هەڵبژاردنی نۆ ئەندامی هەڵبژێردراو لە یەکەمین هەڵبژاردندا لە کۆتایی دووساڵدا تەواودەبێت.
دەستبەجێ دوابەدوای یەکەمین هەڵبژاردن ناوەکانی ئەم نۆئەندامە لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەوە بەشێوەی پشکهاویشتن دەستنیشان دەکرێن،
6- هەڵبژاردنی پێنج ئەندامی دیکەی کۆمیتە بەپێی بڕیارەکانی خاڵەکانی 2و 3و 4ی ئەم برگەیەو بەدوای پەسەندکرانو یان پەیوەستبوونی وڵاتی سیوپێنجەمدا بەڕێوەدەچێت.
خولی هەڵبژاردنی دووکەس لەو ئەندامانەی لەم کۆبوونەوەدا هەڵبژێردراون پاش دووساڵ کۆتایی پێدێت. ناوەکانی ئەم دوو ئەندامە لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەوە بە شێوەی پشکهاویشتن دەستنیشاندەکرێن،
7- بۆ پڕکردنەوەی ئەوشوێنانەی کەخاڵی دەبنەوە، ئەو دەوڵەتی ئەندامەی کە شارەزاکەی ئیتر وەکوو ئەندامی کۆمیتە هەڵسووڕانی نامێنێت، شارەزایەکی دیکە لەخەڵکی وڵاتەکەی دیاریدەکات کە دەبێ لەلایەن کۆمیتەوە پەسند بکرێت،
8- ئەندامانی کۆمیتە بەڕەزامەندی کۆڕی گشتی(نەتەوە یەکگرتووەکان) لە سەرچاوەی دارایی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە کۆڕ دیاریدەکاتو هەروەها بە ڕەچاوکردنی گرینگی بەرپرسیارەتیەکانی کۆمیتە، بڕی تایبەتیان بۆ تەرخاندەکرێت،
9- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارمەندو ئاسانکاری پێویست بۆ بەڕێوەچوونی کارای ئەرکەکانی کۆمیتە بەپێی ئەم پەیماننامەیە ئامادەدەکات،

## بڕگەی 18

1- دەوڵەتانی ئەندام ئەوە وەئەستۆی خۆدەگرن کە بەمەبەستی بەراوردکردنی کۆمیتە، ڕاپۆرتی هەنگاوەکانی یاسایی، دادوەری، بەڕێوەبەرایەتیو هیتر کە بۆوەگەڕخستنی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە پەسندکراونو هەروەها پێشکەوتنەکان لەو بوارانەدا، پێشکەشی سکرتێری گشتی بکەن:
ئا ـ لەماوەی ساڵێکدا دوای برەوپەیداکردنی بۆ دەوڵەتی دیاریکراو،
ب ـ دوای ئەوە لانی کەم هەرچوارساڵ جارێکو یان هەرکات کۆمیتە داوای بکات،
2- ڕاپۆڕتەکان لەوانەیە ئەو هۆکار و گیروگرفتانە دەستنیشانبکەن کە لەسەر چۆنیەتی جێبەجێبوونی بەڵێنییەکانی ئەم پەیماننامەیە کاریگەردەبن،

## بڕگەی 19

1- کۆمیتە بۆخۆی پێڕەوی ناوخۆ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی پەسند دەکات،
2- کۆمیتە بەرپرسانی خۆی بۆ ماوەی دووساڵ هەڵدەبژێردرێت،

## بڕگەی 20

1- کۆمیتە بەشێوەی ئاسایی هەموو ساڵێک بۆماوەی کەمتر لە دووهەفتە کۆدەبێتەوە بە مەبەستی بەراوردکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەپێی بڕگەی 18ی ئەم پەیماننامەیە

پێشکەشکراون.
2- کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمیتەیە بەشێوەی ئاسایی لەناوەندی نەتەوە یەکگرتووەکانو یان لەهەر شوێنێکی لەباریتر کە لەلایەن کۆمیتەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڕێوەدەچن،

## بڕگەی 21

1- کۆمیتە لەڕێگای ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەلایەتیەوە هەموو ساڵێک لەسەر چالاکیەکانی خۆی ڕاپۆرتێک پێشکەش بەکۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کەڕەنگە پێشنیارو ڕاسپێریە گشتیەکانی لەسەر بناغەی تاقیکردنەوەی ڕاپۆرتەکانو ئەو زانیاریانەی لەدەوڵەتانی ئەندامەوە بەدەستیان گەیشتووە بخاتە بەردەمیان. ئەم پێشنیارو ڕاسپێریە گشتیانە لەگەڵ هەر لێکدانەوەیەکی دەوڵەتانی ئەندام، ئەگەر هەیانبێ، لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەدا ئەگونجێندرێت.
2- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتەکانی کۆمیتە بۆ ئاگاداری ئەگەیەنێتە دەستی کۆمیسیۆنی پایەی ژنان.

## بڕگەی 22

دامەزراوە پسپۆریەکان ئەومافەیان دەبێت کە بەهۆی نوێنەرانیانەوە لە تاوتوێکردنی بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامە کە دەکەوێتە قەڵەمڕەوی چالاکی ئەوانەوە بەشداریبکەن. کۆمیتە لەوانەیە بانگهێشتنی ئەم دامەزراوە پسپۆڕیانە بکات کە ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە جێبەجێکردنی پەیماننامە لەو بوارانەدا کە دەکەوێتە قەڵەمڕەوی چالاکی ئەوانەوە پێشکەش بکەن.

# بەشی شەشەم

## بڕگەی 23

هیچ شتێکی ئەم پەیماننامەیە کاردانەوەی نابێت لەسەر هەرچەشنە بڕیارێک کە بەشێوەیەکی بەرچاو یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان بەرەو پێش دەباتو لەوانەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان بنوێنن:
ئا – لەدانانی یاسای وڵاتێکی ئەندامدا، یان
ب – لە هەر پەیماننامە، بەڵێننامەو یان ڕێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی دیکەدا کە لەو وڵاتانە بەڕێوەدەچن.

## بڕگەی 24

وڵاتانی ئەندام هەڵگرتنی هەموو هەنگاوی پێویست لە ئاستی نەتەوەییدا وەئەستۆدەگرن بەئامانجی گەیشتن بەجێبەجێبوونی تەواوەتی ئەومافانەی لەم پەیماننامەیەدا بەڕەسمی ناسراون.

## برگەی 25

1- ئەم پەیماننامە بۆ مۆرکردن لەلایەن هەموو ولآتانەوە کراوەئەبێ.
2- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو بەئامانەتهەڵگری ئەم پەیماننامەیە دیاریدەکرێت،
3- ئەم پەیماننامەیە دەبێ بەشێوەیەکی یاسایی پەسندبکرێت. بەڵگەنامەکانی لەمەڕ پەسندکردنی یاسایی لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەمان هەڵدەگیرێن.
4- ئەم پەیماننامەیە دەبێ بۆ پەیوەستبوونی هەموو ولآتان ئاوەلآبێت. پەیوەستبوون ئەوکاتە بەئەنجامدەگات کە بەڵگەنامەیەکی پەیوەستبوون لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنرێت.

## برگەی 26

1- هەرکام لە دەوڵەتانی ئەندام بۆیان هەیە هەرکاتێک بیانەوێت داوای پێداچوونەوەی ئەم پەیماننامەیە بکەنو بۆئەم مەبەستەش دەبێت بەنووسین داواکە پێشکەشی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن.
2- کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر بەپێویست بزانرێت، بڕیار لەسەر ئەو هەنگاوانە دەدات کە بەگوێرەی وەها داواکاریەک دەبێ هەڵبگیرێن.

## برگەی 27

1- ئەم پەیماننامە لە 30یەمین ڕۆژی دوای ئەوەی کە بیستەمین بەڵگەنامەی پەیوەستبوون یان پەسندکردنی یاسایی لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرا، برەو پەیدادەکات.
2- بۆهەر دەوڵەتێک کەئەم پەیماننامەیە پەسندبکات یان پێی پەیوەستبێت، پاش دانانی بیستەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن یان پەیوەستبوون، پەیماننامەکە لە 30یەمین ڕۆژی پاش دانانی بەڵگەنامەکەی خۆی لەسەر پەیوەستبوون یان پەسندکردن، برەو پەیدادەکات.

## برگەی 28

1- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقی پارێزنامەی هەر دەوڵەتێک کە لەکاتی پەیوەستبوون یان پەسندکردندا دایانناوە، وەردەگرێتو بە ناو هەموو دەوڵەتاندا بڵاوی دەکاتەوە.
2- پارێزنامەیەک کە لەگەڵ ئامانجو مەبەستی ئەم پەیماننامەیە ناکۆکبێت، وەرناگیرێت،
3- پارێزنامەکان بۆیان هەیە هەردەم بەنووسینی نامەبۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەربەم مەبەستە وەربگیرێنەوە کەئەویش دواتر هەموو دەوڵەتان ئاگاداردەکاتەوە. نامەیەکی وا هەرلەو ڕۆژەدا کەوەردەگیرێت، برەوی‌هەیە.

## بڕگەی 29

1- هەرچەشنە ناکۆکییەک لەنێوان دوو یان چەند دەوڵەتی ئەندامدا سەبارەت بەلێکدانەوە یان بەڕێوەبردنی ئەم پەیماننامە، ئەگەر لەناوخۆیاندا نەکرێت لەڕێگای گفتوگۆوە جێبەجێیبکەن، لەسەر داوای یەکێک لەلایەنەکان دەدرێت بەدادوەری. ئەگەر لەماوەی شەش مانگ پاش پێشکەشکردنی داوای دادوەری لایەنەکان نەتوانن لەسەر ڕێکخستنی دادوەریەکە ڕێکبکەون، هەرکام لەو لایەنانە بۆیان هەیە کێشەکە ببنەنە لای دیوانی دادوەری نێونەتەوەیی بەداخوازییەک کە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی ئەو دیوانەدا بگونجێت،

2- هەردەوڵەتێکی ئەندام بۆی هەیە لەکاتی مۆرکردن یان پەسندکردنی ئەم پەیماننامەیەداو یان پەیوەستبووونی ڕابگەیەنێت کە نیازی نیە خۆی پابەند بکات بە بەندی یەکەمی ئەم بڕگەوە. دەوڵەتانی دیکەی ئەندام بۆیان هەیە لەپەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە خۆی بەم چەشنە پاراستووە، پابەند نەبن بەبەندی یەکەمی ئەم بڕگەیەوە.

3- هەردەوڵەتێکی ئەندام کە خۆی لەبەندی 2ی ئەم بڕگەیە پاراستووە، بۆی هەیە هەرکاتێک بیهەوێت بەنووسین بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پابەند نەبوونەی خۆی وەربگرێتەوە.

## بڕگەی 30

ئەم پەیماننامەیە، کە دەقی وەرگێڕانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرانسە، رووسیو سپانیاییەکەشی هەر بەو ئەندازەیە جێگای متمانەن، لەلای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێت،

(پەسندکراوی 107ەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان 1979/12/28)

¤¤¤¤¤¤¤¤¤¤¤¤¤¤

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری
ستۆکهۆڵم پاییزی 2002